Ministry of Higher Education and Scientific research

**بەش: زمانی کوردی**

**کۆلێژ: پەروەردە/ شەقڵاوە**

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**بابەت: دەروونزانی گەشە-** کۆرسی دووەم

**پەرتووکی کۆرس – قۆناغی دووەم**

**ناوی مامۆستا: چۆمان صباح سعید (ماستەر لە بەشی رێنمایی پەروەردەیی و دەروونی)**

**پلەی زانستی: ماموستای** یاریدەدەر

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣-٢٠٢٤**

پەرتووکی کۆرس
**Course Book**

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | دەروونزانی گەشە |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | چۆمان صباح سعيد |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی/ شقلاوە |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:<br>Choman.saeed@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | ٣ کاژێری تیۆری |
| 6. ژمارەی کارکردن | ٣ رۆژ |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | - بەکالۆریۆس لە دەروونزانی لە زانکۆی سلاحەدین 2011-2012 .<br>- ماستەر لە دەروونزانی لە زانکۆی سەڵاحەدین 2016.<br>- پسپۆری وورد لە تەندروستی دەروونی. |
| 9. وشە سەرەکیەکان | گەشەی مرۆڤ لە قۆناغە جوراوجورەکان:هەر لە دایك بوونەوە تاکو مردن، زیاتر سەرنج دانە سەر گەشەی قۆناغی مندالی و هەرزەکارییە ، وە کاریگەری گەشە لەسەر رەفتارو رەوشتی مرۆڤ لە هەر قۆناغێکدا. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**پێناسەی بابەت:** بابەتێکە کە لێکۆلینەوە لە گەشەی مرۆڤ دەکات لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان و هەروەها ئاماژە بە گۆرانکاریە جەستەیی و فیسیۆلۆجیەکان دەکات کە لە مروڤ بەدی دەکرێن کە ئەویش گۆرانکارییە چەندیەکان دەگرێتەوە.

**گرنگیی بابەت:** بە گرنگ دەزانرێ لەم کۆرسەدا باس لە چەندین بنەما وزانیاری سەرەکی تایبەت بە چۆنیەتی گەشەکردنی منداڵ و ناسینی ڕەهەندی ژیانی منداڵ و چۆنیەتی جۆری پەروەردە کردنیان بکرێ تا یارمەتیان بدەن بۆ گەشەکردنێکی سەرکەووتوانە ، وە سەرنج و تیروانینەکانی مامۆستاو قوتابی و مەنهەجی خویندن بۆ ئەم بەشە زۆر بە گرنگ دادەنرێ بەتایبەت بۆ دەرچووانی بەشی ناوبراو بە مەبەستی ئەوەی کە وا لەقوتابی بکری کە بتوانێ ئاشنا ببێ بە خاسەیتەکان و بنەماکانی گەشەی گونجاو بۆ مندالان ، ئەم گەشەیەش چەندەها روانگە دەگرێتەوە وەك لە رووی گەشەی (ئەقلی و زمان و مەعریفی و کۆمەلایەتی و هەڵچوونی و... ). لەگەل چەندەها ئەرك و راپۆرت کە لە لایەن قوتابیانەوە دەکری سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم وانەیە پاشان گفتوگۆیان لێوە دەکرێ .

چونکە ئەم قوتابیانە لەگەڵ مندالانی کەم تەمەن هەڵسوکەوت دەکەن زۆریش پێویستە کەوا تایبەتمەندیەکان

و پرانسیپەکانی ئەم قۆناغە بزانن بۆ ئەوەی بتوانن بە گونجاوی هەلس و کەوت بکەن لەگەڵیان.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە ئاشنا کردنی قوتابیە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە هەموو قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ لە هەر دوو لایەنی چەندی و جۆری کە ئەویش ئامازە بە لایەنی فسیۆلۆجی و دەروونی و کەسایەتی مرۆڤ دەدات لە هەر قۆناغێکدا.**

**ئامانجێکی تری ئەم بابەتە ئەوەیە کە قوتابی ئاشنا دەکات بە تایبەتی بە قۆناغی مندالی و هەرزەکاری کە رووبەرووی کێشە دەبنەوە لە رووی گەشە و پەرەسەندن دا بۆ چارەسەر کردنیان و هەروەها سوود لە زانیاریەکان وەربگرێت و لە داهاتوودا بەکاری بهێنی.**

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

بەگشتی پێویستە قوتابی پابەندی ئەم خاڵانە بێت:

1- ئامادەبوونی بەردەوام لە پۆلدا.
2- سەرنجدان و بەشداریکردن لە وانەکاندا.
3- ئامادەبوون لە هەموو تاقیکردنەوەکاندا.
4- خوێندنەوەی بەشێك لەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە دیاریکراون.
5- نووسینی ڕاپۆرت یان پێشکەشکردنی سیمینار لە چوارچێوەی بابەتەکەدا بە مەبەستی بەهێزبوون لە بابەتەکە. بەتایبەتی ئەو قوتابییانەی لە تاقیکردنەوەکان نمرەیان لاوازە.

**13. ڕێگەی وانەوتنەوە**

- سەبارەت بە ڕێگای وانە وتنەوە، ئەم بابەتە پێویستی بە بەکارهێنانی ڕێگای (پرسیار و وەڵام+گفتوگۆ) هەیە.
- لە کەرەستە و هۆیەکانی فێرکردن، وانەکە پێویستی بە (تەختە و ماجیك، داتاشۆ) هەیە.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

- تاقیکردنەوەکان لەسەر سیستەمی کۆرسات ئەنجام دەدرێت و لە کۆرسی یەکەم لە بابەتی دەروونزانی گەشەدا هەرتاقیکردنەوە لە سەر (٢٠) نمرە ئەنجام دەدرێت و کۆرسی دووەم دەروونزانی گەشە دەخوێنرێت.

**15. ئەو خالانەی کە پێویستە قوتابی لە کۆتایی ئەم کۆرسە دا فێریان ببێ :**

1. ئاشنابوونی قوتابی بە گرنگی بابەتەکەو زانینی هەستیاری ئەم بابەتەو ئەم قۆناغە بۆ منداڵ .

2. ئاشنابوونی قوتابی بە بنەماکانی دەروونزانی گەشەی منداڵ و ئاشناکردنی قوتابی بە چەمکەکانی: (گەشەی منداڵ ،بنەماکانی گەشەی منداڵ ،زاناکانی کە لەم بوارە کاریان کردووە ) .

3. ئاشنابوونی قوتابی بە ڕێگاکانی چۆنیەتی یارمەتی دانی منداڵ بۆ گەشەکردنێکی سەرکەووتوانە لە کۆمەلگای کۆن و بەراوردیان بە ڕێگاکانی ئیستا .

**16. لیستی سەرچاوە:**


1- أحمد عبداللطيف أبوأسعد ،تعديل السلوك الانساني،2010
2- عبدالكريم قاسم أبو الخير، النمو من الحمل الى المراهقه،2004.
3- محمد نبيل النشواتي، الطفل المثالي ، تربيته و تنشئته ونموه،2002.
4- حامد عبدالسلام زهران،علم النفس النمو،1990.
5- حابس العواملة، علم النفس النمو و سايكولوجية الطفل،2003.
6- محمد ملحم سامي،علم النفس النمو دورة الحياة الانسان،2004.
7- عبدالرحمن عيسوي، سيكولوجية الشيخوخة،1994.
8- كريم شريف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆژیای منداڵ و هەرزەکار،2009.
9- محمد عوده الريماوى،علم النفس النمو و الطفولة، 2003.


**17. بابەتەکان**

**ناوی مامۆستای وانەبێژ**

| ناوی بابەت | هەفتە | | چۆمان |
|---|---|---|---|
| **پێشەكیەك لەسەر كۆرسەكەو ناساندنی كۆرسبوك وسەرچاوەكان** | **هەفتەی یە کم** | | **صباح** |
| پێشەکیەک لەسەر دەروونزانی گەشە | **هەفتەی دووەم** | | **سعيد..** هەفتانە ٣ |
| پێناسە و چەمکەکانی دەروونزانی گەشە | **هەفتەی سێیەم** | | کاژێر |
| لایەنەکانی گەشەی مرۆڤ | **هەفتەی چوارەم** | | |
| گرنگی دەرونزانی گەشە<br>فاکتەرە کارەگەریەکانی سەر گەشەی مرۆڤ | **هەفتەی پێنجەم** | | |
| گلاند و رژێنەکان | **هەفتەی شەشەم** | | |
| قۆناغەکانی ژیان و پیویستیەکانی گەشە ( قۆناغی مندالی و هەرزەکاری و پێگەیشتن و ناوەندی تەمەن و پیربون) | **هەفتەی حەوتەم** | | |
| بێبەش بون و کاریگەری دایک لە ژیانی مندالدا | **هەفتەی هەشتەم** | | |
| گرنگی باخچەی ساوایان لە ژیانی مندالدا | **هەفتەی نۆیەم** | | |
| رەفتاری پشتبەستن بە کەسانی تر | **هەفتەی** دەیەم | | |
| قۆناغەکانی گەشەی زمان | **هەفتەی** یازدهم | | |
| گەشەی رەفتاری کۆمەلایەتی | **هەفتەی دوازدهم** | | |
| رەفتاری شەرانگێزی | هەفتەی سیانزدهم | | |
| سایکۆلۆژیای هەرزەکاری (نیشانەکانی بالغبون و کاریگەری دەروونی) | هەفتەي چواردهم | | |
| تیۆرەکانی هەرزەکاری | هەفتەي پانزدهم | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| - | | | |
| | | | |

18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت): نییە

**19. تاقیکردنەوەکان**

**پ** ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:
گلاندی نۆخامی ، رەفتاری شەرانگێزی ، رەفتاری کۆمەڵایەتی ، گلاندی دەرەقی ، پشتبەستنی هەڵچونی

**پ جیاوازی چییە لە نێوان:**

1- **گەشەکردن و پێشکەوتن**
2- بێبەشبونی کەرتی و تەواو
3- **هەرزەکاری و باڵغبوون.**

پ ئەمانەی خوارەوە وەلام بدەرەوە:
١.ئامانجە پەروەردەیەکانی باخچەی ساوایان چین بە نمونە باسی بکە؟
٢.**گەشەی زمان لە چەند قۆناغیك پێك هاتووە** بە وردی باسیان بکە.
٣.گرنگترین ئەو فاکتەرانە چین کە کاریگەری یان هەیە لەسەر هەلچونەکانی هەرزەکار.
**پ ٤/ کێشەکانی قۆناغی هەرزەکاری چین بە خال روونیان بکەرەوە.**

**20. تێبینی تر: نییە**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**